**پ١/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:**

**١-دەقی پەخشان ٢-چەمکی ژیاننامە ٣-کورتە ڕۆمان ٤-پەخشانی هونەری ٥-داستان** ١-وتار

٢-ژیاننامە ٣-ڕۆمان ٤-پەخشانی زانستی ٥-پەندی پێشینان

---

**پ٢/ ڕاستی و چەوتی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە، چەوتەکانیش ڕاستبکەرەوە:**

١-ماڵئاوا گوڵی خەم، یەکەم بەرهەمی دانپیانراوە، کە لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا نووسراوە، نۆڤلێت.

٢-حەقایەتی کوردی پڕیەتی لە ئەندێشە و تێڕوانین و لێکدانەوە لە سروشتدا.

٣-ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەم ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە ئەستەمبۆل دەرچووە.

٤- ڕۆمانی پێشمەرگە، بەیەکەم ڕۆمانی کوردی لە قۆناغی شاخدا دادەنرێت.

٥-کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبان)، لەنووسینی عەلائەدین سەجادییە، بەنموونەیەکی ژیاننامەی گشتی دادەنرێت.

٦-گەشتێک لە کوردستاندا، لە نووسینی مامۆستا رەفیق حیلمییە.

٧-کۆنترین نموونەی دەقی ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا بۆ (شێخ سەلام) دەگەڕێتەوە.

٨-گۆرانی و لاوک و حەیران، ئەو دەقانە ژمارە و جۆری بێ سنووریان هەیە، کە بەجۆرێک لە ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری نەنووسراو دادەنرێت.

٩-ڕۆمانە کوردییەکانی ئاراستەی شاخ، زیاتر بە هێما و ڕەمز دەنووسران.

١٠-گۆڤاری (ڕۆژی کورد)، پاش ڕۆژنامەی کوردستان، لەساڵی ١٩١٣ سێ ژمارەی لە ئەستەمبۆڵ لێ بڵاوکراوەتەوە.

**١١-دەقی چیرۆک، وەک تیشک وایە لە ساتێکی کورتدا دەخرێتە سەریەک کەس یان یەک ڕووداوی بچووک و بەوردی و قووڵی پیشانی دەدات.**

**١٢-دەقی پەخشان، پەیڕەوی لە ڕەوتی گفتوگۆیی و سروشتی زمان دەکات.**

**١٣-دەقی داستانی کوردی، پڕیەتی لە ئەندێشە و تێڕوانین و لێکدانەوە لە سروشتدا.**

**١٤-کتێبەکەی عەلی تەرەماخی، پەخشانێکی ڕەوانە و دوورە لە زۆر لەخۆکردن و وشەبازی و پاشبەند دانان.**

**١٥-دەقی چیرۆکی (مەم و زین)ی بایەزیدی، بە سەرەتای چیرۆکی کوردیدا دادەنرێت.**

---

**پ٣/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە دەستەواژەی گونجاو پڕبکەرەوە: (١٠ نمرە)**

١-تایبەتمەندییەکانی دەقی پەخشان بریتیین لە: --------------،-------------،--------

٢-مێجەرسۆن، پاش گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا دووکتێبی بەناوەکانی----------،------------ نووسی.

٣-چیرۆکی کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانی، ڕێبازی ڕەخنەیی گرتبووەبەر، کە دوو ڕێچەکەی --- -----------------، ------------------بوو.

٤-یەکەم دەقی شانۆیی بە زمانی کوردی لە ساڵی-------------، لە لایەن---------- بڵاوکراوەتەوە.

٥-کۆنترین دەقی پەخشانی نووسراوی کوردی، کە تائێستا دۆزرابێتەوە، کتێبەکەی----------یە.

٦-پیشاندانی شانۆیی، لای کورد، پێش -------------و----------- کەوتووە.

٧-مەرج و بنەماکانی دەقی پەخشانی ڕەوان، بریتیین لە: ---------،---------،--------

٨-عەبدوڵڵا گۆران، لەوانەیە یەکەم نووسەری کورد بێت لەساڵی-------، زاراوەی---------- بۆ یەکەمجار لە زمانی کوردیدا بەکارهێنابێت.

٩-میجەرسۆن، کاتێک لە بەغدا و سلێمانی بوو، دوو ڕۆژنامەی بە زمانی کوردی دەرکرد، ئەوانیش -----------و----------- بوون.

١٠- ------------ نموونەی پەخشانی سەردەمەکەی خۆیەتی، کە بەکوردییەکی ڕەوان و سادە بنچینەکانی باوەڕی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی باسکردووە.

**١١-ئەرکی زمان، لە دەقی پەخشاندا زیاتر ئەرکی ---------------------- و ----------------------**

**و-----------------------------یە.**

**١٢-دەقی چیرۆکی کوردی، لە سەرەتاوە شێوە گێڕانەوەی -------------------و-----------------پێوە دیارە.**

**١٣-مەرج و بنەماکانی دەقی پەخشانی ڕەوان بریتین لە: ------------------------------------------**

**و------------------------------------------------و------------------------------------------.**

**پ٤/ پێنج خاڵ لە نیشانەی وتاری هونەری چاک بنووسە.**

**پ٥/ بەکورتی باسی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی لە گەشەپێدانی پەخشانی کوردیدا بکە، ئینجا قۆناغەکانی بنووسە.**

---

**پ٦/هۆی ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە:**

١-ڕۆمانی کوردی، لە نێوان سالآنی (١٩٧١-١٩٨٠)، بە قۆناغێکی بێ ئاگابوون و کپبوون لەقەڵەم دەدرێت.

٢-چیرۆکی کوردی، لە نێوان سالآنی (١٩٥٠-١٩٦١)، تەکانێکی بەگوڕی بۆ پێشەوە نا، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ.

٣-ڕۆمانی کوردی، لەنێوان سالآنی (١٩٩١- تا ئێستا) تەواو پێگەیشت و لەسەر پێی خۆی وەستاوە.

٤-قۆناغی نوێبوونەوەی چیرۆکی کوردی، بە قۆناغی تەقینەوە و تەکنیکی نوێش ناوزەدکراوە.

---

پ٧/پێنج جیاوازی نێوان دەقی شیعریی و دەقی پەخشان بنووسە.

پ٨/ باسی مێژووی سەرهەڵدانی دەقی ژیاننامەی خودی لە ئەدەبی کوردیدا بکە و بە هێنانەوەی نموونە وەڵامەکەت دەوڵەمەند بکە.

. **پ٩/ قۆناغەکانی مێژووی رۆنامەگەری کوردی چین؟ بیانژمێرە.**